# مەلا بەختیار، وا ناچێتە سەر !

## سەبارەت بە شۆڕشەکان لە جیهانی عەرەبی

**سامان کەریم**

Saman.karim5@gmail.com

مەلا بەختیار لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی" ئیسلامگەرا و بەهاری رۆژهەڵات´" کە لە رۆژی 29نۆڤەمبەر بلاوکراوەتەوەو من لە سایتی چاودێرەوە وەرمگرتوە، کۆمەڵێک باسی سەبارەت بە شۆڕشەکانی جیهانی عەرەب وروژاندوە، جێگای خۆیەتی کە هەڵوێستەیەکیان لە بەرانبەردا بکەین.

**<u>زەمینەی بابەتی شۆڕشەکان</u>**

مەلابەختیار لەم بارەوە هیچمان پێنالێت، کە هۆی سەر هەڵدانی ئەم شۆڕشانە چییە؟! بەلام لە نێو وتارەکەیدا دەکرێت وەلامی پرسیارەکەمان وەربگرینەوە، پێم وابێت مافی خۆمانە کە کارێکی وا بکەین و خۆمان وەلامی پرسیارەکە لە نێو وتارەکەی بەڕیزیاندا دەرکێشین چونکە خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی نەکردوە. ئەم پرسیارەو چۆنیەتی وەلامەکەی کۆمەک دەکات بە ڕۆشنکردنەوەی دەرئەنجامە سیاسییەکان. مەلا بەختیار دەرئەنجامە سیاسییەکانی باسکردوە بەلام بە بێ ئەوەی خۆی بدات لەو پرسیارە، چجابگات بە وەلامەکەی.

لای هەموان ئاشکرایە کە زەمینەو هۆی سەرهەڵدانی ئەم شۆرشانە، زەمینەو هۆیەکی چینایەتییە وتەنانەت بیریارە بورژواییەکان خۆیان لەم راستییە لانادەن. خۆسوتاندنی محمد ئەبولعەزیزی لە 17ی کانونی یەکەمی ساڵی 2010دا لە تونس کە شۆرشەکانی گڕدا، هۆکارەکەی برسێتی بوو. وە خواستی سەرەکی شۆرشی تونس و میسر دابینکردنی نان و ئازادی بوو، لە ڕێگای ڕوخاندنی سیستەمە دیکتاتۆریی فەردییەکانەوە. بەلام ئەم دیکتاتۆرە فەردییانە، لە ئاسمان نەهاتونەتە خوارەوە، بەڵکو نوێنەری چینی بورژوایی بوون لە وڵاتی خۆیانداو نوێنەری بزوتنەوەی بورژوایی عەرەبی بوون. ئەوەی کە ڕوخاو ئەوەی کە هەیبەتی فکری و سیاسی و فەرهەنگی هاتۆتەخوارەوە، هەر بە تەنهاناکرێت فەردێک بێت، ووڵات ئاشێک نییە بە ئاشەوانێک بگێردریت.

هەژاری ونەداری، بێکاری و کرێی کەم، سەرەڕای زوڵم و سەرکوتو قەهرو نەبونی ئازادییە سیاسی و فەردی و مەدەنییەکان پێکەوە هەمویان کڵپەی شۆرشیان هەڵگیرساند لە تونس و میسر. نان و ئازادی بوە هاوارو دروشمی ئەم کڵپەیە. بەڵام ئەم جۆرە لە دیکتاتۆرە فەردییانە، لە وڵاتانی جیهانی عەرەبدا و بەتایبەت ئەوانەی ڕوخاون، لە ڕێگای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبەوە، نوێنەری گشت سەرمایەی کۆمەلایەتی بوون و بەم پێیەش گشت چینی بورژوایی میسر یان تونس لە خێرو بێری دەسەڵاتەکەیانی دەخوارد، ئەگەر نا کەسێک بە تەنها نەک سی ساڵ بەڵکو یەک ڕۆژ ناتوانێت سەرکردایەتی ووڵاتێک بکات. بۆیە وتنەوەی "روخانی دکتاتۆرەکان" نەک بێ لە زەتە، بەڵکو زۆر دورە لە ڕاستی و لە بیرکردنەوەیەکێ زانستیانە. لەم

جۆره بیرکردنەوەیەدا، دیکتاتۆریەت زیاتر لە باندێکی دزی دەچێت کە سەرۆکەکەیان بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات، وە بەتەواوی بیرکردنەوەیەکی زۆر دواکەوتوی پۆست مۆدرێنانەیە.

دابیکردنی کاری هەرزانو ڕاگرتنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە، واتە ئاستێک لە ئاسایش و لە وە گرینگتر بێدەنگ کردنی کرێکار لە ڕێگای سەرکوت و یاساکانەوە وە بە تایبەت(قەدەغەکردنی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕیکخراوبوون لە نێویاندا)، ئەرکی هەرە سەرەکی دەوڵەتانی سەرمایەدارییە لەم وڵاتانەدا. ئەم ئەرکە پەیوەندی نییە بەوەی کە دیکتاتۆرەکە فەردی بێت یان جەماعی واتە فرە حزبی. لە عێراقدا لە سڵی 2006 ە وە یاسای وەبەرهێنان بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا یاسای کار بونی نییە وە لەوە زیاتر لە نێو کەرتی نەوتدا هەموو جۆرێکی ڕێکخراوبوونو مانگرتنێک بە یاسا قەدەغەیە، تەنها یەک ڕێکخراوی سەر بە دەوڵەت نەبێت بۆ فریو دانی کرێکاران، کە ئەویش سوک و ریسوا بوە... بێگومان عێراق وڵاتێکی فرە حزبییە.

ئەگەر ئەم چوارچێوە چینایەتییە ببینین، ئەوکات ڕۆشن دەبێتەوە کە هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی شۆرشەکانی میسرو تونس چی بوو؟. لە میسردا لە ماوەی 4 ساڵی ڕابوردوی پێش شۆڕشدا ئێمە شاهیدی زیاتر لە 11 هەزار نارەزایەتی کرێکاریین کە هەموویان بە نایاسایی لە قەڵەم دراون، لە دوای شۆڕشیشەوە ڕیژەی مانگرتنو نارەزایەتییە کریکارییەکان هێجگار زیادیان کردوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەم نارەزایەتیانە لە پێناو زیادکردنی کرێدا بووەو زوربەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانیش لە دژی بێکاری بوون. هەردووکیان پێکەوە دەکاتە خەبات دژی برسێتی و نەبوونی. بڵێسەی یەکەمی ئاگری شۆڕش نان و ئازادی بوو. کە واتە ناوەرۆک و هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی شۆرش، دژ بە دوو حەلەقەی سەرەکی بوو کە ئەم دەوڵەتانەی لەسەر وەستاوە. کاری هەرزان( کرێی کەم، نەبونی بیمەی بێکاری، کەمی خزمەتگوزارە گشتییەکان، نەبونی یان کەمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان،....) وە سەرکوت، بەلام بناغەی سەرکوت لە نیزامی چینایەتی ئەمڕۆدا سەرکوتی جینی کرێکارە بو بێدەنگ کردنی و فەرزکردنی کرێی کەمو بە پێیەش ئەم کارو سیاسەتە یاسای پێویستە( قەدەغەکرنی ڕیکخراوبوون، مانگرتن، خۆپیشاندان و ئازادی رادەربڕین...) بە جیا لەوانەش خورافەو موقەدەساتی جۆراوجۆری پێویستە.

ئێستا لە تونس برگەی یەکەمی شۆڕش کۆتایی هاتوەو لە میسر تائێستا بەردەوامە سەرەڕای بە ناو هەڵبژادنێک کە بە زوویی سەپینرا بە سەر خەڵکدا... بەڵام ئایا فرە حزبی و بازاڕی ئازاد ( کە لە تونس و میسر بازار لە مێژە ئازادو شێوازی زاڵە) کە بورژوازی بە هەموو لایەنەکانییەوە بە ئەمەریکاو غەربو میدیاشەوە دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە ئەوە خواستی شۆرش بووە، دەتوانێت وەڵام بە خواستەکانی شۆرش بداتەوە؟. بازاری ئازادو فرە حزبی کە لەمەڵبەندە سەرەکییەکانی خۆیاندا- ئەمەریکا و غەرب- بێکاران و خەڵک لییان کەوتۆتە تەقە، دەتوانێت لە میسرو تونس بیمەی بێکاری و کرێیەکی گونجاو دابین بکات و ئازادییە سیاسییەکان دەستەبەر بکات؟! لە میسر تا ئێستا کرێی کرێکاران لە 200 دۆلار کەمترە کە بەشی مانگانەی فولی سودانی ناکات چجای خۆشگوزارانی. بێگومان نا. وە ترسی بورژوازی ناوخۆیی و جیهانی ئەمەیە. وە بە شیوەیەکی ڕۆشن ئەمەیان راگەیاندوە، سەرنجدان لە ڕاپۆرتەکانی واشنتون پۆست و نیوۆرک تایمز و تایمزی لەندەنی وئەحرەنوتی ئیسرائیلی، کە زوربەیان لە ژیر ناوی شۆرشی برسیەکاندا بلاوبونەوە، ئەم ترسەیان هەیە بە تایبەت لە میسر. لەم پیناوەدا واتە لە پێناو دورخستنەوەی ئەم ترسەدا، ترس لە

هاتنە مەیدانی کرێکاران وەک هێزێکی سیاسی، ئەمەریکا ئامادە دەبێت دەست بە داوێنی ئسلامییەکانی میسرەوە  بگرێت ولەگەڵ ئخوانییەکان ڕیکەوتنی ژێر بە ژێر ئیمزا بکات، هە روەک چۆن سی و دوو ساڵ لەمەو بەر لە بەر هەمان هۆ دەستی گرت بە دامێنی خومەینییەوە لە ئیران، بەم پێیە بە ناوی شۆڕشەوە شۆڕشیان سەرکوت کرد.

مەلا بەختیار وەک نوێنەری بزوتنەوەو حزبێکی بورژوازی کە تازە لەوانەیە باوەڕی بە فرە حزبی بورژوازی هێنابێت، ئەویش مەعلوم نییە، نا حەقی نییە ئەم حەقیقەتە چینایەتییە حەشار بدات و بەرئەنجامی گشت ئەم شۆڕشانە لە چوارچێوەی خێزانی بورژوازی خویدا دیزە بەدەر خۆنە بکات. ئەمە هەڵویست ولیکدانەوەی تەواوی نوێنەران و ڕۆشنبیرانی وردو درشتی بورژوازییە. بەلام مەلا بەختیار بە وەشەوە ناوەستێت لە خۆشی فرە حزبی کە تازە خەریکە دارەدارەی پێدەکات، بیری چۆتەوە کە ئیسلام گەراکان بە قەولی خۆی چۆن دەتوانن" بەکردەوە دیموکراسی و سیکولاری واقیعی بن، مەدەنییەت بە دیبێنن، عەدالەتی کۆمەلایەتی دابین بکەن" (وتارەکەی مەلا بەختیار) ئەوا دیموکراسییەکە قەیدی نییە و وەک هەگبەی چەرچی لای خۆمان وایەو جێگای هەموو وردەوالەیەکی تێدا دەبیتەوە، بەلام پێدەچیت کەیفی کاک بەختیار هێجگار زۆربێت و نەزەری گۆرابێت( چونکە لە سەر ئیسلامیەکان نوسیویەتی و نوسینەکانی ماون) دەگاتە ئەوەی کە پیی وایە یان مومکنە کە ئیسلامی سیاسی سیکولاری واقیعی بن و مەدەنییەت و "عەدالەتی کۆمەلایەتی" بەدیبهێنن ئەمە بە زمانی بازاڕ پێی دەڵێن شازی بیرکردنەوە.

هەر لەم چوارچیوەیەدا مەلابەختیار پێیّ وایە " تەنانەت بەشێوەیەك لە شێوەکان گەیشتە ئەمریکاش"، ئەگەر وایە، ئەی مەسەلە چییە گشت لێکدانەوەو دەرئەنجامە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی فرە حزبی وئاڵوگۆری دەسەلات لە نێوان حزبە بورژاییەکان تێنا پەرێت، مەگەر سیستەمی سیاسی ئەمەریکی فول فرە حزبی نییە، مەگەر دیموکرسی و  سیکولاریزم لە ئەمەریکادا بەرقەرار نییە! مەگەر ئالیهەی بازاری ئازاد لە ئەمەریکادا نییە! کەواتە یان دەرئەنجامە سیاسییەکانی مەلا بەختیار هەڵەن، یان ئەمەریکا سیستەمێکی تاک حزبی هەیەو مەدەنیەتو سیکولاریزمی تێدا نییە و سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی تێیدا بەرقەرارە!! هەموو کەس دەزانێت کە بەرێزیان هەڵەیە، ئەگەر دۆستەکانی ئەمەریکاشیان بەم وتارەیان بزانن ئەوە گلەیی خۆیان دەکەن. پێم وابێت ئێستا ڕۆشنە کە خەلک بۆ فرە حزبی و بازاڕی ئازاد کە لە لە لای مەلا بەختیار پێدەچیت لەم شیوە ئابورییەدا سەرمایە ناوەرۆکێکی دیکەی هەبێت، شۆرشیان نەکردوە، بەلکو لە پێناو دابینکردنی خواستەکانی خۆیاندا کە لە سەرەوە باسکراوە هەستاون بە شۆڕش.

نەبینینی خەباتی چینەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، دروست وەکو ئەوە وایە کە دارستان ببینیت بەلام دارەکان نەبینیت. بەم پێیەش ناتوانیت لێکدانەوەیەکی بابەتی بکەیت بو هەلومەرجی نێو دارستانەکە، ئە مە بە جیا لەوەی چۆن بیر دەکەیتەوەو سەر بەکام چینی کۆمەلایەتیت.

## گۆرانکارییەکان و ئایدیۆلۆژیا

لە چواچیوەی ئەم جورە لە بیرکردنەوە، واتە جۆرێک کە بناغەی ئەحزاب و بزوتنەوە کۆمەلایەتی و سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و ئاڵوگۆرە کۆمەلایەتییەکان، پەیوەند نابن بە هیچ بنەمایەکی کۆمەلایەتییەوە، وە بەم پێیە

هیچ بەرژووەندییەکی کۆمەلایەتی و چینایەتی لە پشتی پراتیکو سیاسەتی ئەم بزوتنەوەو هیزانەوە نییە، جگە لە بیروڕای جیاوازیان نەبێت: ئیسلامی سیاسی، ناسیونالیزم، دیموکراتیزم، ریفۆرمیزم... ئەمە لێکدانەوەی بەریزیانە لە سەر میژوو و ڕوداوە گەورەکانی، کەوابێت هیگل راستی کرد ئەوە فکرو روحی موتڵەقە کە جیهان دەجوڵێنیت و دەیگۆرێت. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە بێت مەلا بەختیار دەبێت واز لە سیاسەت بهێنێت و قوتابخانەیەکی فکری بکاتەوە، خەریکی لێکدانەوەی فکری بێت.

بەلام دنیای ئەمڕۆ نە سەردەمی هیگڵە و نە سەردەمی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و  نە بە ئەفکاریش دەجوڵیت. ئەوەی مەلابەختیار دەیڵێتەوەو دەینوسێت دەبێت لە چوارچیوەی جیهانی هاوچەرخماندا سەرنجی بدەین، کە تیایدا وە بە تایبەت لە سەرەتای دەیەی هەفتاکانی قەرنی ڕابوردووەوە، ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی بۆگەنترین و دواکەوتوترین قوتابخانەی فکری و سیاسی و ئابوری وفەرهەنگین. مەلا بە ختیار لەم لێکدانەوەیدا، پێمان دەڵێت کە :"وەکو پێشتریش وتومانە، گۆڕانکاریەکان، یارمەتی هیچ لایەك نادات، فەلسەفەیەك، ئاینێك، عەقیدەو ئایدیۆلۆژیەتێك، بسەپێنێ"(وتارەکەی مەلابەختیار). کەواتە دیسان هیچ ئەفکارو ئایدیۆلوژیایەک لای مەلا بەختیار ناسەپێت. بە پێی قسەکەی بێت ئەوان هەموویان پێکەوە کۆمەڵگا بەرێوەدەبەن، دیارە بە نۆبە چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە بە هۆی هەلبژاردنەوە هەر جارەی لایەکیان دەیباتەوە. بە جیا لە لێکدانەوەیەکی نابەبەتی و نازانستی ئەم لێکدانەوەیە تەنەنەت لە چوارچێوەی قوتابخانە فکرییەکانی لیبرالیزمی دیموکرسی دا جێگای نابێتەوە، بەلام باسی من لێرەدا ئەمەیان نییە. بەڵکو باسەکە زۆر لەوە فراوانترو هەمەلایەنەترە، ئەو هەر لە سەرەتاوە ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەو فکری سەپاو" باو یا سائد"ی لە نێو کۆمەڵگادا بڕاندۆتەوە بە قازانجی چینەکەی خۆی بە قازانجی بورژوازی، لای ئەو پێدەچێت دەسەلاتی ئەم چینە ئەزەلی و خواکرد بێ، نەک بەر ئەنجامی ململانێ و خەباتی چینەکان. لەم ڕوانگەیەوە مێژوو، ئیتر بە تەنها مێژووی پاڵەوانبازی هێزەکانی بورژوازییە.

لەم ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگا یەک چینە و بەم پێیەش تەواوی کایە سیاسییەکان لەلایەن نوێنەرانی ئەم چینەوە جێبەجێ دەکرێت. بەلام کۆمەڵگای چینایەتی لەسەر قاچێک ناوەستێت، سەرمایەدار بێ کرێکار سەرمایەدار نامێنێت. کەواتە پیش ئەوەی نەک لە حزبەکانەوە وەکو مەلا بەختیار نوسیویەتی ، بەڵکو پێش بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی وەک ناسیونالیزم، کۆمۆنیزم، ئیسلامیزم، دیموکراتیزم.... پێویستە لە سیادەی چینایەتییەوە دەست پیبکەین، کام چینە بالا دەستە؟ پرسیاری یەکەمە دوای وەڵامی ئەوە دەگەینە بزوتنەوەکان، دوای ئەوە لە نێو بزوتنەوەی باڵا دەستدا کام حزبە لە حزبەکانئ ئەو بزوتنەوەیە باڵا دەستە. لە کوردستان (ئەگەر واز لە تەزویرو نانبڕین و ناشەفافیەت بهێنین، لە هەڵبژاردنەکاندا) ڕۆشنە کە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد باڵا دەستە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە خاوەنی چەندین حزبە، یەکێتی، پارتی، گۆران، حسک، زەحمەتکێشان و لقەکانی، حزبی شیوعی کوردستان.... لە هەمانکاتدا بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمۆنیزمێش هەیە.  بە هەمان شیوە لە میسرو لە تونس، لە ئەمەریکاو لە بەریتانیاو لە روسیاو لە سوید وئەلمانیا. ... ئەوەی کە مەلا بەختیار پێی دەڵیت " یارمەتی هیچ لایەك نادات، فەلسەفەیەك، ئاینێك، عەقیدەو ئایدیۆلۆژیەتێك، بسەپێنێ" لە پێشەوە عەقیدەو ئەفکاری سەرمایە وەک چینێک سەپاوە، واتە: قدسیەتی دەوڵەت، پلورالیزمی بورژوایی"فره حزبی" کە لە جێگای ئازادی دانراوە، بازاڕی ئازاد، سوپاو دەزگانی سەرکوت، کاری بەکرێ..... پێش هەر شتێک وە پێش ئەوەی کە کام بزوتنەوەو کام حزبە بورژواییە دەیباتەوە، ئەم عەقیدەو ئەفکارو فەرهەنگە لە کۆمەلگادا سەپێنراوە، وە ڕۆشنە کە لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە. ئەم سیستەمە چینایەتییە سەپێنراوە وە توانراوە تا ئیستا بسەپینرێت، وە ترسێک لەم بارەوە بۆ چینەکە نییە، چینی بورژوایە لەپێشدا مسۆگەری کردوە، ئینجا نەک باسی هەڵبژاردن دەکات بەڵکو وەک سیاسەتێکی بەپەلە دەیسەپینێت" نمونەی میسر" لەم نێوەدا کە بورژوایی وەکو چینێک کەدەسەڵاتی "

خاوەنداریێتی تایبەتی" خۆن مسۆگەر کردوە، ئیتر ئەوی دیکەی پلە دوە. واتە ئەوەی کە کام بزوتنەوە وەکام حزبە لەو بزوتنەوەیە دەیباتەوە بە تایبەت لە هەلومەرجێکی شۆرشگیرانەی وەک میسردا، هەر بۆیە بە پەلە کارەکەیان ئەنجامداو بە هەموو لایەکیان سەپاندیان بە سەر کریکارو خەڵکی میسردا، ئەگەر نا هەموو کەسێک تەنانەت بیریارێکی لیبرالی بورژوازیش ئەوە دەزانێ کە کاتی هەڵبژاردن نەبوو. لە کاتی وادا سەرمایە زۆر لەوە ناگەرێ کە بزوتنەوەو حزبی جێ نیازی خۆی لە پرۆسەیەکی ئارامدا سەربخا، دەیەوێت جاری دەوڵەتی خۆی لە دەست نەچێت، بەتایبەت لەمبارەوە بورژوازی کێوێک تەجروبەی هەیە.

بۆیە ئەوباسەی مەلا بەختیار دەیکات بە تەواوی نازانستی و دورە لە واقیعەوە. بەم پێەیەش دەرئەنجامە سیاسییەکانی هەڵەن و ناتوانیت ماوەیەک زیاتر بڕ بکات.  ململانێ وکێبەرکێکە چینایەتییە، ئەمە باسی من نییە بە تەنها بەڵکو گەورەترین ڕۆژنامەکانی بورژوازی جیهانیشە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکردو. نان و ئازادی بەم بزوتنەوەو حزبانە دەستەبەر ناکرێت. لە میسر هێشتا جەمی یەکەمی یارییەکە بەتەواوی تەواو نەبوە، لە تونس قۆناغی یەکەمی بڕیوەو هێشتا جارێ پشوەکە ماویەتی.... هێزە ئیسلامی و نەتەوەیەکانیش ناتوانن لە جیهانی عەرەبدا سیکولار بن وە نە دەتوانن " عەدالەتی کۆمەلایەتی" دابین بکەن، کە ڕۆشن نییە سنورو چواچێوەی ئەم عەدالەتە چییە وە چەندە، ئایا ئەگەر لایەنی کەمی کرێی کرێکار بوبە 300 دۆلار لە میسردا ئیتر ئەوە عەدالەتی کۆمەلایەتی دابین بوە؟! عەدالەتی کۆمەلایەتی لە بناغەوە جەمکی بورژواییەو سیاسەتێکە لە کاتی تەنگانەدا دەستی بو دەبات، ئەم هەنگاوەش لە ژێر زەختی نارەزایەتی یا شۆرشدا پەنای بۆ دەبات. بەتایبەت هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، لەم وڵاتانەدا زمینەی ئەم عەدالەتەش بۆ سەرمایە لە ئارادانییە، مەگەر لە ژێر فشاری هەمیشەی نارەزایەتی و ترسی شۆڕش.  بۆیە لە کۆتاییدا ناچارم بڵێم کە بەم شێوەی مەلا بەختیار بیری لێکردۆتەوە ناچێتە سەر. 2.12.2011